www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7:14 30-10-2006

# تەنها کۆنە بەعسیمان بیستبوو وا کۆنە ئەفسەریشمان بیست ... ئەحمەد گەرمکی

دووز خورماتوو



گەلی کوردی بەسەزمانی باشووری کوردستان لەسەرەتای دامەزراندنی حکومەتی پادشایەتی عێراقەوە لایەنگری داگیرکەران و نۆکەری دوژمنانی لێ بن بڕ نەبووە. سەردەمێك بە دژایەتی کردنی حوکمی خودموختاری پادشایەتی ناوخۆیی و سەردەمێك جاشایەتی و چەکدارێتی دژ بەمیللەتی خۆ، لەکەش و هەوایەکدا کە عوسبەی نەتەوەکان و لە پاشاندا نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتە ناوەندیەکان هەموو دژ بە ئازادی کورد بوون. لەپاش پرۆسەی ئازادی عێراق و کوردستان بەبۆنەی وەرچەرخانی سیاسەتی نێو دەوڵەتیەوە بەرامبەر بەکورد نەتەوە یەکگرتووەکان و زۆرینەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و کەسایەتیە ناودارەکانی جیهان وحکوومەتی مەرکەزی بەغداد پشتگیری لە مەسەلەی کورد دەکەن لەم سەردەمە گەشاوەیەی کە کوردی تێدایە جاشایەتیەکی زەق قوت بۆتەوە ئەویشە تەرخانکردنی پینووسی هەندی َنووسەرانی کوردە بۆ بەرژەوەندی دوژمنانی چوار دەورەی کوردستان بەدوو شێوەی ڕاستەو خۆ وناڕاستەو خۆ. ئەوەیان کەناڕاستەو خۆیە پەرۆشیی هەندێ نووسەرانە لەوەسفکردنی کەموکورتی و سەرپێچیەکانی کەسانی دەسەڵاتدارو کەسانی ناسراوی نێو کۆمەڵە بەنیازێکی پۆزەتیف بەڵام ڕووی نەگەتیڤی ترسناکترە لە مەیدانی ڕەشکردنەوەی مێژوویەکی ئامادەی ئەمڕۆ بۆسبەی بەسەرچاوەی نووسەرانی کورد کەوا تاوانێکی لکێنراوە بەگەلی کوردەوە پێویستیی بەسەلماندن نیەچونکە سەرچاوەکانی کوردن دژ بەکورد. جۆری دووەمیشیان ئەو پێنووسانەن کە بەبۆنەی دژایەتی حزبایەتیەوە یان سڕبوونی مێشکیان لەسەر دژایەتی خۆ لەوانەشە بۆپارەیەکی بێفەڕ ڕاستەو خۆ ڕەخنە بەڵکو جوێن لەژێر ناونیشانی ڕەخنەدا ئەلکێنن بەحکوومەتە ساواکەی هەرێمی کوردستان و دامو دەزگاکانیەوە کەتاکو ئێستا بەدەوری کەرکوکدا گاگۆڵکێ دەکاو بەپێوە نەوەستاوە، ڕێخۆشکەرو زەمینەی بەپیت وفەڕیش ئازادی ڕۆژنامە گەری وگۆڕەپانی دیموکراسیەت و ڕادەربڕینە. بەپێی زانیاری خۆم لە چواچێوەی یاسای سزاکاندا درکاندن یاخود شاردنەوەی بەڵگەنامەکانی سەرانی ڕژێم لەخاك فرۆش و کورد کوژان لەچواچێوەی دەسەڵاتی ئەمنیدایە نەك ڕۆژنامەگەریی، لەپێشاندا کۆنە بەعسیمان بیستبوو ناوەڕۆکی فایلەبڵاوکراوەکانمان زانی، هەندێ لەنووسەران بەوەشەوە نەوەستان هەمووجیهان هاواردەکەن ئەڵێن ئەمەریکا هەڵەی کرد بەهەڵوەشاندنەوەی سوپای عێراق، کەچی لەکوردستان نێتدا نووسەرێکی کورد بەئەفسەرێکی بەقەدری گەلەکەمان ئەڵێ: (کۆنە ئەفسەر) !!!ئەگەر مولازمێکی دەمڕووت سەرەکایەتی تیپێکی عەسکەری پێبدرێ منیش ئەڵێم جێگای ڕەخنەیە ئەگەریش ئەفسەرێکی خاوەن خزمەتی سی ساڵەی پسپۆری نەخشەدانەری شەڕی دژە تیرۆر دابنرێ هەر بەناحەق ئەیخەنە قاڵبی ڕەخنەوە ئەی برادەرانی خاوەن هەندی َقەڵەم ڕێگا بەحکوومەتی هەرێم پیشانادەن کێ دابنێ؟. برای نووسەرمان باوکی هەڵو گەرمیانی لەڕۆژی 2006/10/24دا

لەکوردستان نێتەوە بابەتێکی بڵاوکردۆتەوە لەژێر ناونیشانی (بۆقائد فرقەی چوار عبدالعزیزمفتی کۆنە ئەفسەری سوپای عێراق) کەهەواڵەکەی لەڕۆژنامەی هەواڵەوە وەرگرتووە هەرچەندە من نووسەر نیم

بەڵكو وەكو كوردێكی خاوەن قەڵەمێكی لاواز حەزم كرد ئەم ڕوونكردنەوەیە بخەمە پێش چاوی خوێنەر، من خۆم هەڵناقورتێنم و خوشم لەم مەسەلانە هەڵناكێشم بەڵام برای نووسەر خۆی داوای كردووە لە نووسەران وەڵامی بدەنەوە منیش هەردوو بەڕێزان فەریق عەبدلعەزیز موفتی و ڕائید سالار لە نزیكەوە ئەناسم كەیەكەمیان هەڵۆی كوێستانەو دووەمیان شێركۆی گەرمیانە حەیفە ئەودوو پاڵەوانە بەو شێوەیە خوێنەر بەكەسایەتیان چەواشە بكرێ. فەریق عەبدلعەزیز موفتی لە ساداتی پیرخدریە برای زانای كوردو ئیسلام مامۆستا شەماڵ موفتیە خاوەن ماڵپەڕێكی ئیسلامی خاوێنە هەردوو براو بنەماڵەكەیان كەسانێكی بەستراوەو تۆپزن بە ئیسلام و ڕەوشتجوانیەوە دیارە برای نووسەر لە زانستیی ڕەوشی عەسكەرییدا هەر ئەوەندەی ئەو خزمە سەربازەی منی لێئەزانێ كە لە پەلی بارەگای تیپی چواربوو لەپاش نەقلبوون و مووچەوەرگرتن لە یەكەی تازەی پێی ئەوتم بڵێ جەنابی قائید با مووچەكەم پێبداو ئیتر بەس خۆی بیخوا!! ئەركی فەرماندەی تیپ نیە (عوا طف) بێنێ بۆ ئاهەنكی عەسكەری من خۆم لەگەڵ ئەوەدا نیم لە ئاهەنگدا ئافرەت سەما بكات، ئەمریكیش پێویستیی بە تیاترۆ نیە ئەوان مەستن و سوپایەكی تێكەڵاویان هەیە، من سەرم سوڕ ئەمێنێ كە برای نووسەر ئەڵێ بەبۆنەی ئازاد كردنی ئەو ئافرەتەوە لەلایەن حكوومەتی عێراقەوە ئەمەریكا بە سووكی ئەڕوانێتە ئەو بەرپرسانە وەكو ئەوەی ئەمەریكیەكان لە سەر شەریعەتی ئیسلام و داب و نەریتی خۆمان ڕەوشت بكەن خزمێكی خۆم بەرزترین ئافرەتی ئەمەریكی لەناوچەی كەركوك ئەبردە ماڵەوە، نەك بۆ كاری عەسكەری و ئەمنی بەڵكو بۆ كاری پێویستی دوو بە دووی خۆیان و سێ هەمەریش لە دەرگا چاوەڕووان ئەبوون. عەبدلعەزیز موفتی ئەو ئەفسەرو پێشمەرگە كوردەیە كە لەبەر ئەوەی كورد بوو وبەعسی نەبوو بە وانەوتنەوە لە زانستگای بەكری عەسكەریدا پەراوێز كرابوو لە بەغدادی ڕژێمی بەعسدا، موفتی زادە ئەو قارەمانەیە كەلەڕۆژی 2005/12/12دا لە كۆنفراسێكی زەبەلەحی عەسكەری و ئەمریكی و مەدەنیدا لە شاری تكریت لەسەر سەكۆو مینبەرەوە بەپارێزگارو بەڕێوەبەری پۆلیس و دەسەڵاتدارانی تكریتی وت ئەگەر ئێوە ناتوانن ئەمنی هەڵبژاردنەكانی تكریت بپارێزن بۆخۆتان بەو هەموو سەربازو پۆلیسەوە وامنی خەڵكی سلێمانی ئەو ئەمنەتان بۆدابین دەكەم و هەر لەتكریتیش دەنگ دەدەم، یەكسەر فەرماندەی عەسكەری ئەمریكی هەڵسایە سەر پێ و سەڵاوێكی عەسكەریی بۆ ڕەوانە كرد. ئامادە بوونی منیش لەوێدا بەحوكمی پلەكەم بوو لەبەڕێوەبەرایەتی كۆمسیۆنی هەڵبژاردنەكانی یەكێك لەو شارانەدا. برای نووسەر ئەگەر كەسایەتیی ئەفسەرو پێشمەرگە كاك سالاری بناسیبایە عەشیرەتێكی لەگەڵ خۆی ئەهێناو ئەچووبۆ داواكردنی لێبوردن. ڕائید سالار نووسەر وتەنی كۆنە ئەفسەر نیە بەڵكو تازە ئەفسەرە لەبەر چاونەترسی دژ بەتیرۆریست یەكسەر كرا بەنەقیب، ڕائید سالار خاكی ژێر پێی تیرۆریستان ئەهەژێنێ، ڕائید سالار هەڵۆی ئاسمانی سەر تیرۆریستانە، چاودێری ئەكەن كەی لەنێوان تكریت و دووزدا هات وشۆ ئەكات نەك بۆتیرۆر كردنی بەڵكو بۆ ئەوەی لوغمی ژێر زەمین نەتەقێننەوە لە كاتی تێپەڕبوونیدا ئەگینا بەدۆل و كەن وكۆریاندا بەدوایان ئەكەوێت و هەر ئەبێ دەستگیریان بكات، تاكو ئێستا چەندین تیرۆرستی بەو شێوەیە گرتووە. من بەم شێوەیە ئەو دوو مەردە لەنزیكەوە ئەناسم هەردوكیانیش حەز بە هاتنی (عواگف) ناكەن بۆیە كە عەسكەریەكانیان، بەڵام نایانیشەوێ بە ئاوەسیەكەی شێخ مەحموودی نەمر دەستی خۆیان داپۆشن لەم قۆناغە ناسكەی ڕەوشی سیاسی و عەسكەری كوردستاندا.

ئەوە بۆچی نووسەر سەماكردنی تیاترۆیەكی غەیری كورد ئەخاتە پاڵ مێژووی سەركردەیەكی عەسكەری كورد، كەچی لەئاستی ئەوفەرماندەیەدا ڕۆژانە بەدەیەها كورد سەردەبڕن یان بەدرێل كاسەسەریان كون ئەكەن جارێك لەبەر ئەوەی كوردن و جارێكیش لەبەر ئەوەی سوننەن. تكا ئەكەم لەنووسەران ئەگەر لەباغچەی ئازادی كوردستاندا گول نین سابا دڕكیش نەبن!